**ئەمەیە قورئانەکەیان. . .**

**وەلاّمێك بۆ هاووەلاّتی و سمینارێك بۆ مەلا کرێکار!**

به نیگەرانی و تورەیی خۆم لەبەرامبەر گفتۆگۆی هاووەلاّتی لەگەل مەلا کرێکار دەردەبڕم و بە گالّتەجاڕی و ئاستنزمی وبێ بەرپرسیارییەتی ڕۆژنامەی خۆ بە سەربەخۆ، ئازاد، مەدەنی، ، ، هتد دەزانم کە تەنها زیان بە بەرەی پێشکەوتن دەگەیەنێ. هاووەلاّتی نموونەیەکە بۆ ڕۆژنامەیەك، بۆ دەنگی بازرگانی ناسیونال لیبڕالّی کورد. ئەوەندە چاویان بە زیادکردنی تیراژی ڕۆژنامەکەیانن، لە بلاّوکردنەوەی بۆچوونەکانی مەلا کرێکاریش سلّ ناکەنەوەو شەرمەزاریش نایانگرێ. ئەو شەرکەتەکانە کە چەکی کیمیاوییان (کالاّکەیان) بە سەددام فرۆشت، وەك بازرگانێك بەشداری لە تاوانەکانی ڕژێمی فاشیست کردووە، بەلاّم قەد خۆیان بە تاوانبار نازانن، تەنانەت ئەو شەرکەتە کە ژێرزەمینی نهێنی و پۆلاّیین بۆ سەددام دروستکرد، ئامادەنەبوون، پەشیمانیش پیشان بدەن، ئێستا لە هاووەلاّتیش، پەتای تاوانی ئیسلامی بلاّودەکرێتەوە، بەلاّم بازرگانە کیمیاوی فرۆشەکان و ئۆستاکانی دروستکردنی ژێرزومینی نهێنیێ، نەك هەر پەشیمانی پیشان نادەن، بەلّکو لەو بڕوایەدام، وەك بازرگانێك، گالّتەشیان بەم بەراوردو بۆچوونە بێ! ئەو کەسە دەستکورت و هەژارانە کە لەسەرەتای دەرچوونی هاووەلاّتی، وەك ئەرکێکی بچووك، بە چوار قرانی بێ ئەرزش، هاریکاری ماددی هاووەلاّتیان کرد، چاوەڕوانی ئەوە نەبوون، ڕۆژێك لە ڕۆژان، لاپەڕەیەك بۆ تەرەسێکی دەستخوێناوی وەك مەلا کرێکار تەرخان بکەن.

نزیکەی1400ساڵە بە سەر دیرۆکی هاتنەپێشەوەی قورئان تێپەڕیوە. دەسەلاّتداران لە وەلاّتانی جیهانی ئیسلامی، بە ئاگرو ئاسن لە دژی هەر جۆرە ڕەخنەگرتنێك لەو کتێبە ڕاوەستاون، بەلاّم سەرەڕای ئەوەش، لێرەو لەوێ، بەناوی نهێنی و ئاشکرا، دەنگی ڕەخنەگرەکان بەرزبووەتەوە. لە کوردستانیشدا، پاش11ساڵ لە تاوان، هەڕەشە، فتوای کوشتن و سووکایەتی حزب و گروپە ئیسلامییەکان لە دژی هێز، کەسایەتی جۆراوجۆر و ژنان و پاش تاوانەکەی ئەنصار ئەلئەسلام لە ناوچەی هەلّەبجە، بەتاوانی دەزانم، بیرمەندان و ڕۆشنبیران هەولّی جددی نەدەن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەو ڕسواکردنی قورئان و پایە لەرزیوەکانی تری بیروباوەڕی ئیسلام. پێشوەختیش دولّێم من قورئانم لە زمانی عەرەبی، کوردی و ئەلمانی خوێندەوە. دەقە کودرییەکەی قورئان کە بەکارم هێناون لەم نووسینە، لە وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژارە وەرمگرتووە. مەرج نییە لە هەموو بۆچوونەکان مەبەستەکان پێکابێ، دووریش نییە لە هەندێ شوێنیش بە هەلّە چووبێتم، هیوادارم خوێنەری هێژا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە، لە سەرەنج و تێبینی و ڕەخنە بێ بەشم نەکەن.

گەرچی ئەم دەقە پێشتر بلاّوکراوەتەوە، بەلاّم بەباشم زانی، سەرلەنوێ بۆ بلاّوکردنەوە بینێرم. . .

**سورەتی فاتیحە**

لەم سورەتە، "خودا"وەك دەسپێك، بەناوی خۆیەوە، دووسیفەت بە خۆی دەدا (دەهەندەو دلۆڤان) □و پاشان هەر بە خۆی سوپاسنامە ئاراستەی خۆی دەکا (سوپاس بۆ خوا کە ڕاهێنەری جیهانە) □، پاش دێڕێکی زۆر کورت، دووبارە سیفەتی (دەهێندە و دلّۆڤان) بە خۆی دەدا.

ئاراستەکردنی سوپاسنامە پێویستی بە دوو بوونی جیاواز هەیە، تا بوونێك ئاراستەی بوونەکەی تر بکات. ئایا لۆژیك لەو ئایەتە شوێنی هەیە؟ ئەگەر هەبێ، کامەیە؟

ب- ئەوجا دەلّێ: (خاوەنی ڕۆژی پەسلاّنە. ئێمە هەر تۆ دەپەرەستین و پشتن هەر بە تۆ دەبەستین) □

---

[1] / مەبەست: بسم الله الرحمن الرحيم.

[2] / الحمد لله رب العالمين.

[3] / مالك يوم الدين. أياك نعبد و أياك نستعين.

